# لەدەنگدانێکدا، مارکس بەگەورەترین فەیلەسوف لەجیهاندا دەنگی هێنا!

## دنیای ئەمرۆ لەهەمووو کات زیاتر پێویستی بەمارکس هەیە!




نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk


**بی بی سی نوسبوبەتی:**

لەدەنگدانێکدا کەناڵی چوار لەرادیۆی بی بی سی رێکیخست و داوای لەگوێگرەکانی کرد کە [...] لەسوف لەجیهاندا دیاری بکەن.

[...] دانەکەدا بەقازانجی فەیلەسوفی ئەڵەمانی کارل مارکس – تیۆری زانی [...] سینی کتێبی بەناوبانگی سەرمایە – بەنسبەتی 27.93% دەنگی هێنا، [...] ەنگ دافید هیوم – فەیلەسوفی بەناوبانگی بەریتانی، و....



کارل مارکس، بەگەورەترین فەیلەسوف لەجیهاندا دیاریکرا!

ئەمە بۆ یەکەم جار نیە مارکس وەك گەورەترین فەیلەسوف و بیرمەند لەجیهاندا هەڵدەبژێرێت، لەدەیەی رابردودا ئەمە بۆ دووەم جارە لەدەنگداندا بۆ دیاریکردنی گەورەترین بیرمەندو فەیلەسوف لەجیهاندا خەڵك دەنگی بۆ دەدەن و دەنگی یەکەم دەهێنێ، لەهەردوو جارەکەدا مارکس کە یەکەمین دەنگ دەهێنێ وەك گەورەترین بیرمەندو فەیلەسوف و ئینساندۆست لەجیهاندا دەناسرێ، ئەم هەواڵە لەرادیۆی بی بی سی 4 و ئیستا لەسەر سایتی بی بی سی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بلاکراوەتەوەو دەتوانن لەدیدەنی بۆ سایتی BBC دا بیخوێننەوە.

رووی راستی ئەم مەسەلەیە بۆ دنیای ئەمرۆ و خەڵگانیك کەلەدنیای ئەمرۆی سەرمایەداری و موسیبەتەکانی بەشێوەیەکی واقعیانە دەبینن و بەویژدانێکی ئینسانیەوە دەروانە واقعیەتەکان و ریگاچارەی ئەصلی و ئینسانی بۆیان یەکەمین شتە، ئەزانن کەتەنیا ریگاچارەیەك بۆ ناعەدالەتیەکان و شەرو تیرۆرەکانی ئەمرۆ،
مارکس و بیری مارکس و ریگا چارەی مارکس و کۆمۆنیزمی کریکاریە، بۆ رزگار بونی کۆمەڵگا بەشەری ئەمرۆ لەناعەدالەتی وکویرەوەری و شەرو تیرۆر و برسێتی و سوکایەتی بەژنان، هەر ئەم ریگایە عەمەلی و واقعیە کەمارکس سەرەتاکەی دارشتوە، بۆ کۆتایی هینان بەتیرۆریزمی دەولەتی و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی هەر کۆمۆنیزمی کریکاری و سیاسەت و ریگا چارەکەیەتی، کەلەسەر ریبازی مارکس دەروات .

گەورەیی مارکس هەر لەوەدا نەبوو وەك بیرمەندیکی مەزن و فەیلەسوفێکی گەورەی جیهانی و وەك تیۆریسەنێك شیکردنەوەی جیهانی کردوە وەك ئەوەی کەفەیلەسوفەکانی پیش ئەوو سەردەمی ئەوو فەیلەسوفە بۆرژوازیەکانی ئەمرۆ کردیان و دەیکەن، گەورەیی مارکس لەوەدایە ریگا چارەو ریگای گۆرینی دنیای ناعەدالەتی سەرمایەداری خستە بەردەم کۆمەڵگای بەشەری و بۆ ئەو ئینسان مەسەلەیەکی ئەساسی بوو،...

| 1-Karl Marx, 27. 93% | 2. David Hume, 12.67% | 3. Ludwig Wittgenstein, 6.80% | 4. Friedrich Nietzsche, 6.49% | 5. Plato, 5.65% |
|---|---|---|---|---|
|  |  |  |  |  |

| 6. Immanuel Kant, 5.61 | 7. St. Thomas Aquinas, 4.83% | 8. Socrates, 4.82% | 9. Aristotle, 4.52% | 10. Karl Popper, 4.20% |
|---|---|---|---|---|
|  |  |  |  |  |

بەم هۆیەوە دنیای ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەمارکس هەیە، بەبێ مارکس و دید و ڕیگا چارەی مارکس و بیردۆزەکانی مارکس و عەمەلی کردنەوەی ڕیگا چارەی مارکس، ئەوا کۆمەلگایەکی سەرمایەداریە کەئینسان تیایدا هیچ بەهایەکی نیە، بەبی حزبی مارکس و سیاسەت و بیری مارکس، کۆمەلگای بەشەری ئەمڕۆ ناتوانیت ڕزگاری ببیت، کە ئینسان وەك کاراکتەریکی ئەساسی ئەتوانیت کۆمەلگا بگۆڕیت بەو ئاراستەیەدا کەخۆی ئەیەویت بەقازا نجیەتی، ئیمە ئەمڕۆ ئەو ڕیگایەی مارکسمان گرتووە هەر ئەوە ئەکەین کە منصور حکمت وەك مارکسیستێکی عەزیم و سیاسەتمەدارو بیرمەندێکی دنیای ئەمڕۆ هەر ئەوەی کردو هەر ئەوەی خستە بەردەم کۆمەلگای بەشەری ئەمڕۆ و ئیمە و بۆ ئەمەش کۆمۆنیزمی کریکاری وەك ڕیچکەو ڕیبازو سیاسەتی مارکس لەهەموو ڕووتە چەواشەکارەکان کەبەناوی کۆمۆنیزم و چینی کریکارەوە کاریان دەکرد جیا کردووە بە بیرەی مارکس حزبی بۆ دروست کرد، هەر ئەمەی وت و هەر ئەمەی کرد کەئیستا ئیمە پیادەی دەکەین لەعیراق




و کوردستان و ئیران و جیهاندا، و دەلێت: ( بناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، سۆسیالیزم بزوتنەوەی گیرانەوەی ئیرادەیەبۆ ئینسان )، مارکس ئەساسەکەی دارشت و لیرەوە بۆ گۆڕانکاریە ئەساسیەکان لەکۆمەلگا بەقازا نجی ئینسان و کۆمەلگای بەشەری دەیروانی و منصور حکمت بەدوای لینیندا ئەم ریبازەی مارکسی ئیدامەدا.

دنیای ئەمڕۆ نە فەیلەسوف و نە ووتەبیژانی بۆرژوازی و نە بوش و بلیرو هاوپەیمانان و دوولەتەکانیان، نەهیزی ئیسلامی سیاسی و دەولەتەکانیان و نەلەدەرەوەی ئەوان، ناتوانن هەنگاوێك بەقازا نجی ئینسان و کۆمەلگای بەشەری مەدەنی ئەمڕۆ بنین، کەئەم دوو بلۆکە، ئینسانیان خستۆتە نیوان بەرداشی شەڕو تیرۆرو زیندان و بیحورمەتیەکانیان، ئیتر ڕیگایەکیان لەبەردەم خەلکدا نەهیشتۆتەوە لەبێئومێدی و دەستەوستانی زیاتر بۆ تەسلیم بوون بەدەسەلاتی کۆنە پەرستانەو دژی ئینسانیان بۆ کەلەکەی زیاتری سەرمایەو دەسەلاتەکانیان و سوتانیان لەشەڕەکانیاندا، یان بە ترسان و زیندانکردن و سەربرینی خەلکی بیتاوان بەشیوەی جۆراو جۆرو دەیانەوی ئەمانە لەژیر ناوی دیموکراتی وبازاری ئازادو بەناوی خەلکەوە چەواشەکاری و خۆڵ بکەنە چاوی بەشەریەتی ئەمڕووە نان لەسەر حسابی خوێن وگۆشتی خەلك بخۆن.

بەلام مارکس، ماهیەتی ئەمانەی بەجۆرێك ڕۆشنکردۆتەوە چ سەرمایەداری و دەولەتەکانیان کە بەشیوەی قەومی و یان بەشیوەی دینی دەردکەون، هیچ شتێك نین جگە لەمشەخۆرو دریژە دان بەژیانیان لەسەر حسابی خەلك، هەر ئەوکات مارکس لەسەر دەمی خۆیدا لەسەر ماهیەتی دین قسەدەکات بەهەموو شیوەکانی بەهەر شیوەك دەرکەوێت بەدژی خەلکە، ئەوەتا ئەمرۆ لەهەموو ڕۆژ و دەورەیەك زیاترو بەرۆشنی دەبیینین، ئەوەتا لەئێران و سعودیەو ئەفغانستان وپاکستان و سودان و جەزایر، ئەوەتا لەهیزەکانی بن لادن وتالیبان و ئەنسار ئیسلام و حزب اللە لوبنان و جەماعەتی مقتدى صدرو قواتی بەدرو بزوتنەوی ئیسلامی و تا دەکاتە مەلایەکی دواکەوتوی وەك مەلا بەشیر کەلەمزکەوتەکانەوە فتوا دەدات لەکوردستان، تا دەکاتە کۆلکە مەلایەکی دورە دێیەك، یەك خەت وسیاسەتی کۆنە پەرستانەو تیرۆریستانە دەبەنە پیشەوە، باندەکەی شیخ زانای ژێر دەسەلاتی یەکیتی پارتی نموونەیەکی ئەو ئیسلامە سیاسیە، کە ئیسلامی سیاسی ئەوەیەو ناتوانیت تیرۆریست نەبیت، ناتوانیێت دژی ئینسان نەبێت، ناتوانیێت خوێن ڕێژ نەبیێت.




هەموو ئەمانە ڕاستی ئەوە دەردەخەن کە کۆتایی بەتیرۆریزمی دەولەتی، تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، جەنگ و زیندان و ئیعدام و سەربرینەکانیان، کۆتایی هینان بەبیحورمەتی ئینسان و بەسوك سەیرکردنی ژنان، کۆتایی هینان بەدەولەتی سەرمایەداری و سەرمایەو شەرەکانیان، کاری ئیمەیە، ئیمەی ملیۆنی ئیمەی کۆمۆنیست، ئیمەی ڕادیکال، ئیمەی ئینسان و ئینساندۆست کەنارازین بەدنیای ئەمرۆ لەسەرتاسەری دنیادا، زەرورە لەدەوری تیۆرو بەرنامەو سیاسەتی مارکس کۆببینەوەو دنیایەکی شیاوی ئینسانی دروست بکەین کەمارکس باسی دەکات ، و منصور حکمت حزبی سیاسی بۆ دروست کردووە بەقازا نجی ئینسان و ئینسانیەت، کەخۆشگوزەرانی ئینسانی تیا بەرقەرا بێت، با ڕیزی خۆمان یەکخەین و لەدەوری حزبەکەی مارکس و منصور حکمت کۆببینەوە.

**2005-7-23**